حەیــران ڕەوتــی شــیعری تــەواو نییــە).[١٧]

هەروەهــا خۆشــم لــەم بارەیــەوە پێشــووتر وتوومــە: (لەڕاســتیدا حەیــران شــیعر نییــە بەڵکــو پەخشــانە شــیعرە، حەیرانیــش بەپێــی شــوێن و ناوچــە شــێوە زمانەکــەی دەگۆڕێــت).[١٨]

تێکــڕای ئــەو ڕایانــەی ســەرەوە لەگــەڵ ئــەوەدان کــە (حەیــران پەخشــانە شــیعرە)، ئــەم پەخشــانە شــیعرە لــە ڕووی داڕشــتنی وشــەکانەوە تاڕادەیەکــی زۆر ڕســتەکان بەیەکــەوە بەســتراون و زیاتریــش وشــە و زاراوەی ناوچەیــی و شــێوازی قســەکردنی ڕۆژانــە تێیــدا زاڵــە، لــەڕووی قافیــەوە حەیــران ســێ قافیــەی هەیــە:

**أ- سەربەند.**

**ب- ناوبەند.**

**ج- دوابەند.**

(حەیــران خۆخــێ لــۆ گۆتمــە هەنــارێ، بەژنــێ باریــك وەرە ئەمــن و تــوو دەســتێ خــۆ تێکبگریــن بچینــەوە کەرکــێ حوســێنی غــازی بزانیــن چــی کردیــە فــەسرێ بــوارێ، نازانــم بەژنــێ باریــك لــە

---

١٧. رزگار خۆشناو- مەقامە تایبەتەکانی کورد. ڕۆشنبیری نوێ- ژمارە (٨١)- ل٤١.

١٨. غەفــوور مەخمــووری- ســەرەتایەك بــۆ حەیــران و کورتەیــەك لەژیانــی حەمــەد بەگــی. الحــوادث- بەغــدا- ١٩٨٩- ل٨.

نەستینی.)[٤٢]

زۆر جاریش حەیرانبێژ لە کاری ماچ و موچ و گەوز گەوزانێ و مەمك گرتنی تێپەڕاندووە:

(حەیران لە گردان لە گردی داندۆکان، کیژ لەسەر پشتێ کوڕ لەسەر چۆکان، گۆتمێ نازدارحەیران لە کێندەرت راکەم گوتی: ئەدی ئەمن نارێم لە بنی میتکۆکان.)[٤٣]

---

٤٢. غەفوور مەخمووری- سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لەژیانی حەمەد بەگی. الحوادث- بەغدا- ١٩٨٩- ل١٦.

٤٣. سەعدوڵڵا شێخانی، سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد، ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨٨، ل٥

